# ئەو ڕێگایانەی دەچنەوە سەر ئاڵۆزی

حەسەن جەمال
و. : بەکر شوانی

لە ساڵی شەستەکاندا لە پێشەوای گەورەی چینی "چو ئێن لای" دەپرسن: "چۆن دەڕوانیتە ئاکامەکانی داگیرکاریی فەرەنسا؟" ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ: "هێشتا کات زووە بۆ قسەکردن. " باشە عێراق چی بەسەر دێت؟ ئایا پێشبینی ئەنجامەکانی شەڕ دەکرێت؟ لە جەنگدا سەرکەوتوو بوون، ئایا ئاشتیش دەبەنەوە؟ هەنگاونانە بەرەو دیموکراسی یان بەرەو ئیسلامی رادیکاڵ و ئاڵۆزی، یان شەپۆلێکی نوێی نەتەوەپەرستی، یاخود چەند سەدامێکی نوێ؟ بە سەرێکی پڕ لە پرسیارەوە چووم بۆ عێراق و بە کۆڵێک پرسیارەوە گەڕامەوە. دوای ئەوەی ماوەی دوو هەفتە بە شارەکانی بەغداد، کەربەلا، نەجەف، کەرکوک، موسڵ، هەولێر و سلێمانیدا سوڕامەوە و بەرەو وڵات گەڕامەوە، لە کاتی پەڕینەوەمدا لە خابورەوە بۆ تورکیا وەڵامی هەندێ لە پرسیارەکانم چنگ کەوت، بەڵام هەمان کات هەندێک پرسیاری تری بێ وەڵام سەریان بەرز کردەوە. بەر لە هەموو شتێک: عێراقێکی یەکگرتوو لە ئارادا نیە! ئەوانەی خۆیان بە "عێراقی" دەزانن، زۆرینە نین لە عێراقدا. ئەگەر لە بەغدادی پێنج ملیۆنیدا بچیتە گەڕەکی () کە دوو ملیۆن شیعی لێ دەژین و ببینی لەوێ چەندین بزووتنەوەی شیعی ئیسلامی ڕادیکاڵ چۆن ڕێکخراوە و، لە کاتی قسەکردن لەگەڵ مەلا چەکدارەکاندا لە چاویان بڕوانی و ببینی چۆن تیشکی دوژمنایەتی ڕۆژئاوا و ئەمەریکای تێدا داگیرساوە، ئەوسا بۆت دەردەکەوێ کە تەنها یەک عێراق لە گۆڕێدا نیە.

ئەگەر ببینی لە ڕێڕەوی بەرەو باشوری بەغداد چۆن هەژاریی کەڵەکە بووە و، ئەگەر لە شوێنە پیرۆزەکانی شیعە لە کەربەلا و نەجەفی "ڤاتیکان"ی شیعە و لە مزگەوتەکانی کۆلانە تۆزاویەکانی حەوزەی عیلمی هەوای ئیسلامی ڕادیکاڵ هەڵمژی و، گوێ لە زایانایانی ئایینی و مەلایانی سەر بە ڕێبازە جیاوازەکان بگری کە داوای ڕژێمێکی ئیسلامی دەکەن، زۆر بە ئاسانی بۆت دەردەکەوێ کە عێراق یەک عێراق نیە.

لە ڕێڕەوی بەرەو باکوری بەغداددا ئەگەر ببینی کە هەبوونی کوردی چۆن لە ساڵی ١٩٩١وە لە دوو پارچەی تاڵەبانی-بارزانیدا بووە بە دەوڵەت، ئەوا هەر زۆر ڕوونتر تێدەگەیت کە عێراق یەک عێراق نیە.

کاتێک لەگەڵ تورکمانە خوێندەوار و هاوچەرخ و هەڵبژاردەکانی کەرکوکدا قسە دەکەیت، کاتێک سونە یان شیعەی بەغداد و توێژی مامناوەندی عەرەبی عیلمانی بە یەکدەگەن، دیسان هەست دەکەیت کە یەک عێراقێک نیە.

کاتێک لە زانکۆی تەکنۆلۆژی بەغداد بە تێکەڵەی فێرخوازان و مامۆستایانی عەرەب و کورد و سریانی دەگەیت، تێدەگەیت کە عێراق یەک نیە.

دووبارەی دەکەمەوە: بە تەنها یەک عێراق نیە. ئەوانەیشی دەڵێن "عێراقیم"، کەمینەن. عێراق وڵاتێکە زۆرینەی دانیشتوانی لە کەسانێک پێکدێت کە لە وەڵامی پرسیاری (تۆ کێیت) دا دەڵێ: سونیم، شیعیم، موسوڵمانم، کوردم، عەرەبم، تورکمانم، سریانیم، ئاسوریم، کلدانیم. . .

لەگەڵ هەرەسهێنانی ڕژێمێکی دیکتاتۆری چل ساڵەدا ئێستا زیاتر مەزهەبەکان و گرووپەکانی جۆربەجۆری ئەتنیکی و عەشیرەتەکان هاتوونەتە سەر شانۆ. لەبەر ئەمانەیە ئەمڕۆ پرسیارەکانی لە جۆری–داهاتووی عێراق چۆن دەبێت و ئایا دەروازە بۆ دیموکراسی و دەوڵەتی یاسا دەخرێتە سەر پشت– سەر وەکو مزراح دەسوڕێنێتەوە. مرۆڤ کە بە عێراقدا دەسوڕێتەوە لەلایەک ڕووبەڕووی ئەم ڕاستیانە دەبێتەوە و لەلایەکی تر وەکو وتم، بە چەند عێراقێک ئاشنا دەبێت. دیکتاتۆریەتی سەدام ئەم هەموو عێراقەی بۆ نەکرا بە یەک، ئایا دیموکراسی یەکیان دەخات، یان پاڵ بە عێراقەوە دەنرێ بەرەو ئاڵۆزی و پارچە بوون؟ ئایا شیعە ئیسلامیە ڕادیکاڵەکان لە بەغدادەوە بەرەو باشور دەوڵەتێک و کوردەکانیش بەرەو باکور دەوڵەتێک دادەمەزرێنن؟ یاخود ئاڵۆزیەکی لەو جۆرە زەمینە بۆ کاردانەوەی نەتەوەپەرستانی عەرەب خۆش دەکات و ئەوانیش لە بەغداد و موسڵ دەسەڵاتی لە شێوەی سەدام دادەمەزرێنن؟ ئەم پرسیارانە مایەی تێڕامانن.

---

سەرچاوە: ڕۆژنامەی میللیەت ٢٠٠٣/٥/٢٠

www.kurdistannet.org کوردستان نێت